www.kurdistannet.org
14-2-2007 21:45 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## رقی خۆشەویستی نورەدین صالح

باوەنور

من ووتوومەو دەیڵێمەوە
ئەگەر زەویم
لە تاوێر بێت
بەگاسنی پۆلاینم دەیكێڵم و سەوزی دەكەم. . . . !!!
من ووتوومەو دەیڵێمەوە
ئەگەر زەویم
لە خاكێكی (دەیم) * ی بێت و
هەوری رەشی ووشك هەڵاتووش
لەبری باران
رەشپۆشی كات بەری ئاسمان
(بە خوناوە*) ی لەشی ماندووم
تێر ئاوی یەكەم. . . !!!
***********

من جوتیارم. . . .
جوتیار
وورەم بەرزە
نامروخێنێ
گەرمای دەشتی گەرمەسێرو. . . .
تۆزو غوبار
من جوتیارم
جوتیار. . .
كەی بەرهەمم هاتە بالآ
با لە بن هەر سۆڵەیەكدا
بەسەدان دركە زی زەرد بێ. . !!
ئا ئەو ساكە
بە جەمامی هێزی مەچەك،
بەزەبری داس
شەرتە. . .
بەبێ قەیناخ *
دانەوێڵەم. . . دورویێنەكەم. . . !!
هەر ئەو كاتە هیوا دەدەمە بەهەژاران
گرێ كوێرەی برسێتییان
دەكەمەوە. . .
منداڵانی گوندەكەشم
فێردەكەم چۆن بە خاكەناز. . .
نازی خاكیان شیكەنەوە. . !!!

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-2-2007 21:45

[ دەبا ئەوسا با هەر (دلۆ) * دەربکا دەست
لەش ماندوو بێ، ئارام بێ هەست. . . . ] *
گەلاوێژی 1987

پەراوێز:

1. دەیم: بەو زەویە دەوترێ کە پشت بەئاو دەبەستێ.
2. خوناو: ئارەقەی لەش.
3. قەیناخ: ئەو پارچە تەنەکەیەیە کە جوتیار لەکاتی دوروێنە دەیکاتە سەری پەنجەکانی.
4. دلۆ: توێژ هەڵدانی دەستی رەنجدەر.
5. دێرە شیعری مامۆستای گەورە (هێمن) ی شاعیرە بە دەسکاریەوە وەرمگرتووە.




ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.